



# خەڵکی چوارتا داوای تاپۆک

قەزای شــارباژێڕ کە شــارۆچکەی چوارتا ناوەندی ئیدارەکەیەتی و ناحیەکانی (سیتەك - زەڵان - سیوەیل — گاپیلۆن) و دەیان گوند لەخۆدەگرێت، ژمارەی دانیشــتووانەکەی زیاتر لە ١٨ هەزار کەسە، خەڵکی ناوچەکە زیاتر بەکاری کشتوکاڵ و باخداری و ئاژەڵدارییەوە خەریکن. ناوەندی قەزاکە کەوتۆتە ســەر ڕێگایەکی سەرەکی ستراتیژی ئەویش ڕێگای (سلێمانی — ئێران)ە. هەرچەندە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردســتان کارو پرۆژە بۆ ئەم ســنوورەکە کراوە، بەڵام لەبواری خزمەتگوزاری و ڕێگاوبانەوە خەڵکی داواکارییان هەیە. وەکو تیمی (گۆڤاری گوڵان) لەســەردانێکمان بۆ قەزای شــارباژێڕ و ســنوورەکە چەنــد هاووڵاتییەکمان دواند ئەو گلەیی و گازندەو داواکارییەی خەڵکەکە هەیبوو لەگەڵ چەند پرســیارێکی تر ڕووبەڕووی (ئــاوات محەمەد) قایمقامی قەزای شــارباژێڕمان کرد. لەم ڕاپۆرتــەدا داواکاری هاوڵاتیان و پوختەی وەڵامەکانی قایمقام دەخەینەڕوو.







# ـــــردنی خانووەکانیان دەکەن

- گوندەکان گرفتی ڕێگاوبانیان هەیە
- ژمارەیەکی زۆری کێڵگەکانی مین پاک نەکراونەتەوە
- کەموکوڕی لە کەرتی تەندروستیدا هەیە
- بۆ شوێنەوارەکان هیچ نەکراوە



### داواکاری هاوڵاتیان

تاپۆنەکردنی خانووەکان لەچوارتا بەیەکێك لەو کێشە سەرەکیانەی هاوڵاتیان دادەنرێت کە ساڵانێکە خەڵکی چوارتا لەچاوەڕوانی چارەسەرکردنی ئەم گرفتەدان؛ لەمبارەیەوە لە گەڕەکی نێرگزەکان نەسرەدین عەلی وتی:( لە قەزای شارباژێڕ بەگشتی کێشەی تاپۆ نەکردنی خانووەکانمان هەیە، هەر ئەو کێشەیەش وایکردووە خەڵکەکە لە پێشینەی خانووبەرە بێبەش بن)، هەر سەبارەت بەگرفتی تاپۆکردنی خانووەکان ئەمین سەعید وتی: (دروستکردنی خانوو لەناوچەکەمان زۆر قورس و گرانە، چونکە لەلایەك کرێ و تێچوونی هێنانی کەرەستەی بیناسازی زۆرەو ناوچەیەکی شاخاویشەو زەحمەتیەکی زۆری دەوێت تاوەکو خاکەکە ڕێك دەخرێتەوە، لەگەڵ بوونی ئەم زەحمەتیەش تاپۆنەکردنی زەوی و خانووەکانی هاووڵاتیان لەم سنوورەدا بارقورساییەکی ترە بەسەر هاوڵاتیانەوە، هەر بۆیە داواکارین خانوو و زەوییەکانی نیشتەجێبوونی قەزاو سنوورەکە بەسەر خاوەنەکانیان تاپۆ بکەن تاوەکو لە هاوکاری یارمەتی حکومەت بێبەش نەبن. لە گەڕەکی دارەجەژنەش هاووڵاتی نازەنین جەلال سەرەڕای بوونی گرفتی قوتابخانە ئاماژەی بەداواکارییەکی تر کرد ئەویش مەسەلەی گرنگیدانە بەخوێندنی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەم ڕووەوە وتی: سەرەڕای ئەوەی پێویستمان بە بینایەی قوتابخانە هەیە لەبەر ئەوەی ئێستا قوتابخانەکان دوو دەوامی و سێ دەوامی تێدایە، هاوکات پێویستیمان بە دەوامێکی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ئافرەتانیش هەیە، هەرچەندە لە بەشی سەرەوەی قەزاکە خوێندنی نەهێشتنی نەخوێندەواری هەیە، بەڵام ئەوە بۆ ئەو گەڕەك و بەشی خوارەوەی چوارتا دوورەو ناتوانین لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون بەشدار بین. هەر لەم ڕووەوە هاوڵاتی عوسمان قادر داوای دروستکردنی بینایەی قوتابخانەی

## ئەو زەوییانەی بۆ وەبەرهێنان تەرخان کراوە ماملەی کۆژاندنەوەی زەوییان بۆ نەکراوە

کردو وتی : حکومەتی هەرێم بینایەیەکی گەورەی قوتابخانەمان بۆ دروست دەکات بەڵام زۆربەی بینایەکانی تری قوتابخانەکان پێویستیان بەچاککردنەوەو نوێکردنەوە هەیە، هەربۆیە داواکاریمان لەحکومەتی هەرێم ئەوەیە زیاتر بینایەی قوتابخانەمان بۆ دروست بکات. هەروەها هاووڵاتییەکی تر بە ناوی سدیق ئەحمەد وتی: قەزاکەمان پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخ و بەرفرەوان هەیە کە هەموو بەشەکانی تەندروستی و پزیشکی لەخۆ بگرێت، نەك وەکو ئێستا لە هەندێ حاڵەتدا دەبێت نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی بکەن بە تایبەتی نەخۆشی ئافرەت و دوو گیان، چونکە ئەو بنکەیەی ئێستاکە هۆڵی منداڵبوون و لە دایکبوونی نییە لەکاتێکدا ناکرێت لە شارۆچکەکە و سنوورەکە نەخۆشخانەیەك نەبێت هۆڵی منداڵبوونی تێدا بێت . هەروەها پێویستە حکومەت و لایەنی پەیوەندار ژمارەیەك پارچە زەوی بەسەر فەرمانبەرو مامۆستاو هەژاران دابەش بکات، لایەنی بەرپرس هەوڵێك بدات تاوەکو زەوی نیشتەجێبوون بەسەر هاووڵاتییانی قەزاو سنووری شارباژێڕ دابەش بکات. وەکو داواکاری گەنجانیش گەنجێك بە ناوی محەمەد عوسمان وتی: (ئێمە وەکو گەنجانی چوارتا هیچ کارو پرۆژەیەکمان بۆ ئەنجام نەدراوە و لە کاتی ڕۆژانی پشوو و هاویندا شوێنێکی وەکو یاریگا و پارك نییە ڕووی تێ بکەین، داواکاریشین لە وەرزی هاویندا خولی جۆراوجۆرمان بۆ بکرێتەوە..)، هەروەها لە گەڕەکی سامانییەکان کرێکارێکی

شارەوانیمان بە ناوی نەریمان لە کاتی کارکردنیدا دواند و وتی: ئیشوکارەکانمان زۆر زەحمەت و قورسە بە تایبەتی لەبەر ئەوەی من بە تەنیا لەو تراکتۆرە زبڵوخاشاکی ماڵەکان بار دەکەم، مەبەستە لەمە ئەوەیە کە کارمەندمان کەمە و ئامێریش بە پێی پێویست نییە. دلاوەر سەلامیش لە گەڕەکی شاخی تیشکی خستە سەر کەموکورییەکی تر و وتی: (تۆڕی کارەبای گەڕەکەکەمان کۆنەو پێویستی بە چاککردن و نۆژنکردنەوە هەیە، هەروەها لەبەر نەبوونی سەلەی کارەبا لە کاتی گرفتی کارەبا و پچڕان و چاککردنی گڵۆپی ڕووناککەرەوەی شەقامەکە تووشی زەحمەتی دەبین). سەبارەت بەکەموکوری خزمەتگوزاری لەگوندەکان هاووڵاتییە نەبەز قادر وتی: گوندەکانی سنووری شارباژێڕ بەگشتی یاخود بەشی زۆریان ڕێگاوبانەکانی خراپن بۆ نموونە گوندی زێوێ و چنارەو ئاڵەك و گۆزێ و پێنجوین و گۆڕەدێ و بەوەزان ڕێگاوبانەکانیان لەئاست پێویستدا نییە و ڕێگای زۆربەی گوندەکان تەنیا چەورڕێژکراون و لەوەرزی بارانبارین ئەو چەورڕێژیەش تێکدەچێت، هەروەها زۆر لەو گوندانە کێشەو گرفتی ئاویخواردنەوەیان هەیە، هەر بۆیەش گوند هەیە بە تەواوی چۆڵکردووە هەر چەندە هۆکاری چۆڵکردنەکەش تەنیا بۆ کەموکوری خزمەتگوزاری ناگەڕێتەوە، بەڵکو پەیوەندی بە پەیداکردنی بژێوی ژیانیشەوە هەیە. ئەو هاووڵاتییە لە درێژەی قسەکانی ئاماژەی بەوەدا کە لەلایەن دەوڵەمەند و هەندێ خەڵکەوە چەندین ڕووبەری زەوی بەرفرەوانی کشتوکاڵی تەلبەندکراوەو بگرە زێدەڕۆیی لەسەر زەوی دەوڵەتیش کراوە.



## قایمقامی قەزای شارباژێڕ:

# هەوڵمانداوە خانووەکانی هاوڵاتیان تاپۆ بکرێت و ڕێگا لە زێدەڕۆیکردنە سەر زەوی دەوڵەت بگرین



**بۆ بەدواداچوون و بەدەنگەوەهاتنی داواکاریی خەڵکی چوارتاو سنوورەکە چەندین پرسیارمان ڕووبەڕووی ئاوات محەمەد قایمقامی شارباژێڕ کرد کە پوختەی وەڵامەکانی لێرەدا بڵاودەکەینەوە.**

### کوژاندنەوەی زەوی گرفتێکی گەورەی ئیدارەی شارباژێڕە

سەبارەت بە ماستەرپلان کە بۆ بەرفراوانبوونی هەموو شارو شارۆچکەیەك زۆر گرنگ و پێویستە قایمقامی قەزای شارباژێڕ وتی: لە ناو سەنتەری قەزاکەدا شارەوانی هەیەو ماستەرپلانی بۆ ئەنجام دراوە و پەسندیش کراوە و هەر هەموو لایەنە پێوەندارەکان بەپێی ماستەرپلانەکە کار دەکەن، هەروەها لە سیتەك و گاپیلۆن و هەموو شارۆچکەکانی تری ئەو سنوورە شارەوانیان لێیەو ماستەرپلانی ئەو شوێنانەش لە ژێر ئیشکردندایە و قۆناغی باشی بڕیووە، بەڵام یەکێك لەو کێشانەی لەم سنوورەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە کوژاندنەوەی زەوییە، لەبەر ئەوەی میکانیزمی کوژاندنەوە لە وڵاتی ئێمەدا زەحمەت و قورسە، بۆیە پێویستە بۆ ئەو مەبەستە دەسەڵاتەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و داد و شارەوانی و لایەنی پێوەنداری تر بەتەنیا نەمێنێتەوە و بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان دابەزێتە خوارەوەو لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش لیژنەی تایبەت بەو کارە دابمەزرێت بۆ ئەوەی میکانیزمی کاری کوژاندنەوەی زەوی خێراتر بکرێت. لە سنووری قەزای شارباژێڕ چەند پارچە زەوییەکمان بۆ وەبەرهێنان تەرخانکراوە، بەڵام تا ئێستا مامەڵەو کاری کوژاندنەوەیان بۆ نەکراوە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەیە. بەڵام لە ڕووی زێدەڕۆییەوە لە ناو شارۆچکەی چوارتا ئەو کێشەیەمان نەبووە، بەڵام ئێستاکە کێشەیەکی ترمان ڕووبەڕوو بۆتەوە ئەویش زێدەڕۆیکردنە لەسەر زەوی دەوڵەت، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەمان لەسەر ئاستی قەزاو ناحیەکانی سنوورەکە دروستکردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشەیە و ئەو کێشەیەش تەنیا لە لای ئێمەوە نییە هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە.

> **پێویستیمان بە نەخۆشخانەیەکی بەرفراوان هەیە**

### هەوڵمانداوە خانووی هاوڵاتیان تاپۆ بکرێت

سەبارەت بە تاپۆ نەکردنی خانووەکان لەم سنوورە بەسەر هاووڵاتیان کە داواکاری و گلەییەکی زۆری لەسەر هەیە لە لایەن خەڵکەکەوە قایمقامی قەزای شارباژێڕ وتی: لەڕێگای شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی شارباژێڕو تێبینەرایەتی تاپۆی چوارتاوە هەوڵێکی زۆرمانداوە کە خانووەکانی ئەو قەزایە بەسەر خاوەنەکانیان تاپۆ بکرێت و کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە ئەو خانووانەی سەنتەری قەزاکە کە چوارتایە کە لە کاتی خۆیان دروستکراون لەسەر زەوی کشتوکاڵی بووە و ئەو زەویانەش کوژاندنەوەی بۆ نەکراوەو هەر بە کشتوکاڵی ماوەتەوە و بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بە چەند قۆناغیك هەوڵمان بۆ داوە، قۆناغی یەکەمی شارۆچکە کۆنەکەی چوارتایە کە ئێستاکە کارو مامەڵەکەی تەواو بووە، قۆناغی دووەمی شارەوانی و کشتوکاڵ ئێستا کاری تێدا دەکەن و ئێستا فەرمانبەرێکمان لە شاری هەولێرە بۆ ڕاپەڕاندنی کارو مامەڵەکە.

### کەمی بینایەی قوتابخانەو گرفتی میلاکاتی پەروەردە

سەبارەت بەکەرتی پەروەردە و هەبوونی دوو دەوامی و سێ دەوامی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی ئەم بوارە قایمقامی قەزای شارباژێڕ وتی: بۆ چارەسەرکردنی دوو دەوامی و سێ دەوامی ئێستا لە ناو چوارتا قوتابخانەیەکی ١٨پۆلی لەژێر جێبەجێکردندایە و قوتابخانەیەکی ١٢پۆلیشمان بۆ کراوە و قوتابخانەیەکیش هەبوو کە چەندین جار نۆژەنکراوەتەوە و نهۆمی دووەمیشی بۆ دروستکراوە، بە تەواوبوونی قوتابخانە ١٨پۆلیەکە بەشی زۆری کێشەکان بەتایبەتی قەرەباڵغی پۆلەکان و دوو دەوامی و سێ دەوامی لە ناو سەنتەری چوارتا چارەسەر دەبێت، لەلایەکی ترەوە ناکرێت لە گەڕەکێك کە ژمارەی قوتابییەکانی کەم بێت قوتابخانەیەك

> **دووساید کردنی نێوان چوارتا – سلێمانی لەقۆناغی دیزایندایە**

دروست بکرێت و میلاکاتیشی بۆ دابین بکرێت، بۆیە گەرەکی نێرگزییەکان و هی تریش قوتابخانەیان نییە، لەبارەی میلاکاتەوە داواکارین لە دامەزراندا بەپێی ژمارەی دانیشتوان نەبێت، چونکە بەمشێوەیە زیاترین دامەزراندن بەر شاری سلێمانی دەکەوێت و ساڵانەش بەپێی خاڵ و سیستەمەکەش ئەو مامۆستایەی ماوەی خۆی لە قەزاو ناحیەکان تەواو دەکات دەگوازرێتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی.

**خراپی ڕێگاوبانی گوندەکان**

سەبارەت بە ڕێگاوبانەکان کە دەبینین ڕێگای نێوان سلێمانی- چوارتا یەك سایدە و تەنانەت ڕێگاوبانی گوندەکانیش بەپێی پێویست نییە، لەم ڕووەوە قایمقامی قەزای شاربازێڕ وتی: دوو سایدکردنی ڕێگای نێوان سلێمانی – چوارتا لە قۆناغی دیزاینکردن دایە و کۆمپانیایەکی شارەزا و پسپۆڕی ئێرانی ئەنجامی دەدات، بەڵام ئەمە بودجەیەکی زۆری پێویستە بۆیە ناتوانرێت بە یەك قۆناغ جێبەجێ بکرێت و ئەو پرۆژەیە کراوەتە چەند قۆناغێك کە بەمشێوەیە دیاریکراوە (قۆناغی یەکەم: سلێمانی – تۆنێلەکە، قۆناغی دووەم: تۆنێلەکە – سیتەك، قۆناغی سێیەم: سیتەك – چوارتا)، ئێمە بەشێك لە ڕێگای سەرەکی ناو چوارتامان بە دووساید کردووە و ئەمساڵ بودجەیەك لە ڕێگای وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە بۆ زیاترکردنی دوو سایدەکەی ناو چوارتا . هەروەها سنووری شاربازێڕ لە چاو ناوچەکانی ترەوە لە

**قوتابخانە ١٨پۆلییەکە بەشی زۆری کێشەکانی قەرەباڵغی پۆلەکان و دوو دەوامی و سێ دەوامی لە ناو سەنتەری چوارتا چارەسەر دەکات**

ڕووی ڕێگاوبانەوە کاری باشکراوە و بەشی زۆری لە ڕێگاکانی سنوورەکە قیرتاوکراوە، هەر بۆ نموونە لە چوارتاوە تا دۆڵی جافایەتی و تا ناحیەی سیوەیل و تا ناڵپارێز بە سنووری ناحیەی زەڵانە هەر هەموو قیرتاوکراوە و بەشێکی ڕێگا سەرەکیەکانی گوندەکانی سنوورەی شاربازێڕ و سیتەك قیرتاوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە ئێمە لەمبارەوە کێشە و کەموکوڕیمان نییە، بەڵکو لە هەندێ شوێن وەکو سنووری ناحیەی زەڵان و سیتەك چەند گوندێکمان هەیە ڕێگاوبانەکانیان لە ئاستی پێویست نییە و ڕاستە سیانەی ئەو ڕێگایانەمان کردووە، بەڵام خواستی خەڵکەکە دابین ناکات بۆیە خەڵکی

**لە سنووری ناحیەی زەڵان و سیتەك چەند گوندێك هەیە ڕێگاوبانەکانیان لە ئاستی پێویست نییە**

ئەو گوندانە هەقی خۆیانە ڕێگاوبانی گوندەکانیان بۆ باش و قیرتاو بکرێت، سەبارەت بەو ڕێگا ستراتیژیەی کە لە چوارتاوە دەست پێدەکات تاوەکو پێنجوین و درێژی ئەو ڕێگایەش ٤٦کیلۆمەترە و ئەو پرۆژەیە لە بەرنامەو پلانی ٢٠١٢دایە و ئەو پرۆژەیە پارەیەکی زۆریشی بۆ جێبەجێکردنی دەوێت، ئەو ڕێگایە ئەگەر بکرێت لە ڕووی بازرگانییەوە سنوورەکان زیاتر بەیەکتر دەبەسترێنەوەو سوودێکی زۆری بۆ هەموو ناوچەکان دەبێت و قەرەباڵغی سەر ڕێگای شارەزوور کەم دەکاتەوەو ماوەی نێوان ڕێگاکەش کەمتر دەبێتەوە، هاوکات ئێستاکە پردێك لە نێوان قەزای ماوەت بۆ پشدەر لە جێبەجێکردن دایە و لە ٨٠٪ی تەواو بووە.

**لە ١٠ ساڵدا بەبڕی ٥٧ ملیار دینار پرۆژەی شارەوانی ئەنجام دراوە**

سەبارەت بە پرۆژەو کەموکورییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار قایمقامی قەزای شاربازێڕ وتی: لە ناو سەنتەری چوارتا لە ١٠ساڵی ڕابردوو بە بڕی ٥٧ملیار دینار کارو پرۆژە لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ئەنجام دراوە، ئەو بڕە بودجەیە بە بەراورد بە ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانی چوارتا بودجەیەکی زۆرە، هاوکات بۆ سەوزکردن و دارچاندن کاری باش کراوەو لە بەشی خوارەوەی چوارتا نەمامگەیەك لەسەر ڕووبەری زیاتر لە ٢٠ دۆنم زەوی دروست کراوە کە دەتوانرێت ئەو شوێنە تەنیا



## نەمامگەیەك لەسەر ڕووبەری زیاتر لە ٣٠ دۆنم زەوی دروست كراوە

نەمامگە نەبێت، بەڵكو بكرێتە پاركیش و خەڵك سەردانی بكەن، ئەمساڵیش لە پلاندایە چەند باخچەیەك دروست بكرێت و بودجە هەبێت ئەوە شارەوانی كاریان لەسەر دەكات. لەسەر (سەیرانگەی سەرسیر)ش كارمان كردووە و شوێنێكمان دا بە بەڵێندەر، بەڵام كاری بەڵێندەرەكان لە ڕووی پرۆژە گەشتیارییەكان بەپێی داواكاری و خواستی ئێمە نییە، هەروەها لە بواری شوێنەوارەوە لە سنووری ئێمە تا ئێستا نە ڕووپێو نە ماستەرپلانێك بۆ شوێنەوارەكان نەكراوە، كە دەزانین ئەو ناوچەیە ژمارەیەك شوێنەواری.

### كێڵگەكانی مین

سەبارەت بە كێڵگەكانی مین و هەڵگرتنەی مین و پاككردنەوەی سنوورەكە قایمقامی قەزای شارباژێر وتی: كێڵگەیەكی زۆری مین لەناوچەكەمان هەیە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مین و ڕێكخراوەكانەوە هەوڵی زۆر دراوە بۆ پاككردنەوەی ئەو كێڵگانە بەڵام تا ئێستا ناوچەیەكی زۆر ماوە كەمین ڕێژەو نەتوانراوە بەپێی پێویست كاری لەسەر بكرێت چونكە لە ناوچەی شاخاوی ناتوانرێت ئامێری كاسیحە بەكاربهێنرێت .

### كەرتی تەندروستی

سەبارەت بەكەرتی تەندروستیش قایمقامی شارباژێر وتی: ئێمە هەر زوو پێشنیاری دروستكردنی نەخۆشخانەیەكی گەورەمان لەسنووری چوارتا كرد، بەڵام لەبەر نزیكی نەخۆشخانەی قەڵاچۆلان وا بەپێویست زانرا ئەم داواكارییەی ئێمە دوابخرێت، ئێستا ئەو نەخۆشخانەیە نەیتوانیوە بەڵێنەكانی خۆیان جێبەجێ بكەن، ئێستا پێشنیار دەكەین نەخۆشخانەیەك لەسنووری چوارتا بكرێتەوە كە هۆڵەكانی نەشتەرگەری و لەدایكبوونی تێدا بێت.

### گرفتی ئاویخواردنەوەی گوندەكان

سەبارەت بەچۆڵبوونی هەندێك لەگوندەكان قایمقامی شارباژێر وتی : نەبوونی خزمەتگوزاری یا كەموكوری لەمبوارەدا



## تا ئێستا ناوچەیەكی زۆر ماوە كەمین ڕێژەو نەتوانراوە بەپێی پێویست كاری لەسەر بكرێت

تەنیا هۆكارێك نییە بۆ چۆڵبوونی گوندەكان، بۆ ئەو گوندانەی گرفتی ئاویخواردنەوەیان هەیە كاریان بۆ كراوەو لەسەر بودجە ڕانەوەستاوین، تەنیا كێشەمان ئەوەیە لەهەندێك شوێندا كاتێك پشكنینی جیولۆجی بۆ دەكرێت ئاوی ژێرزەوی تێدا نییە، بۆیە زیاتر پشتمان بەئاوی چەم و ڕووبارەكان بەستووە كە ئەمجۆرە پرۆژانەش بۆ ئەو هەموو گوندانە كات و بودجەی زۆری دەوێت.

### نەبوونی دەسەڵاتی دارایی

سەبارەت بەوەڵامی پرسیارێكی تایبەت بەبوونی دەسەڵاتە كارگێری و داراییەكان بۆ خێرا بەڕێوەبردنی كارەكان قایمقامی شارباژێر وتی : ئێمە لەسنووری قایمقامیەت گرفتمان لەڕووی دەسەڵاتی كارگێرییەوە نییە تەنیا یەكەی ژمێریاریمان نییە هەر بۆیە تا ئێستا دەسەڵاتە داراییەكان لەدەستی پارێزگادایە ئەمەش ڕێگرە لەبەردەم جێبەجێكردنی ئەركەكانمان، بۆیە پێویستیمان بەستافێكی ژمێریاری هەیە تاوەكو لە ڕێگای بودجەیەكەوە ئەركەكانی خۆمان بەباشتر جێبەجێ بكەین .

